# سایکۆلۆژیای ١١ جۆر کەسایەتی سیاسی

نزار محەمەد

لە ژمارەی رابوردووی هەڵوێست ، وەڵامێکم سەبارەت بە قسە فڕێدان و ئیستۆپ پچڕاندنەکانی حەسەن جاف نووسی ، لەبەر ئەوەی شتەکانی حەسەن جاف لەسەر وەزیری روشنبیری و کەسانی تر پەیوەندی بە نەخۆشی عەقڵی و سایکۆلۆژیەوە هەیە ، بە باشم زانی ئەو جۆرە نەخۆشییە و ١٠ جۆر حاڵەتی تر کە لە سیاسەتدا هەن لەم نووسینەدا بڵاوبکەمەوە ، سەرەتاش پێویستە بڵێین ، زانایانی سایکۆلۆژیای پێیان وایە کۆمەڵگا بە شۆڕشی گشتی یا چاکسازی گشتی ناگۆڕێت ، بەڵکو بە چارەسەری تاك دەگۆڕێت واتە پێویستە بەر لە هەر شتێك تاك لە کۆمەڵگەدا ماڵی عەقڵی خۆی رێك بخاتەوە تا کۆمەڵگایەکی تەندروست بێتە ئاراوە ، بە هەرحاڵ فرۆید کە تەنها وەك کەسێکی ئاسایی چاودێری سیاسەت و گۆڕانکاریەکانی رۆژانەی دەکرد بەڵام توانی گیرو گرفتە سایکۆلۆژیەکان لە ناو سیاسەتدا بدۆزێتەوە و لە کتێبی (لێکدانەوەی خەونەکان ، ١٩٠٠) پەلی بۆ بهاوێت لێرەوە دەکەوینە باسی نەخۆشییە سایکۆلۆژیەکانی سیاسەتمەداران کە پاشان لە سیاسەت رۆژانەیاندا رەنگیان پێ داوەتەوە .

١/ بیانو دۆزینەوە: جۆرە نەخۆشیەکە ئالودەی تاك دەبێت ، بەڵام بە ئاسانی لە بازنە فراوانەکاندا درکی پێ دەکرێت ، ئەم نەخۆشیە بریتیە لە ئیفلیجی و هەنگاو نەنان ، بەڵام تاك بیانو دەهێنێتەوە ، شکستەکانی خۆی دەپۆشێت ، بۆ نمونە خوێندکارێك دەڵێت : ئەگەر ٢٤ سەعات کارەبا هەبێت و ژورێکی تایبەتی و .... هتد هەبێت ئەوا بە پلەی یەکەم دەردەچم ، یان نووسەرێك دەڵێت : ئەگەر مەعیشەتم لەباربوایە و پیداویستییەکانم بۆ دابین بکرێت ، ئەوا رۆمانی وا دەنووسم مارکیز ئەخەمە گیرفانمەوە ، ئەم نەخۆشیە لە پەندێکی کوردیدا رەنگی داوەتەوە کە دەڵێت : (کابرا نەیزانی هەڵپەرێت ئەیوت حەوشەکەی خوارە) ، ئەم حاڵەتە لە تاکەوە بۆ سیاسەت گشتی دەگوازرێتەوە ، لەوانە عەقڵی سیاسی کوردی کە هەنگاوی بۆ نانرێت ، بڕیاری بۆ نادرێت ، کەچی ئەو شکستەی خۆی بە شوێنی جوگرافی کوردستان دادەپۆشێ و دەڵێت : (جوگرافیای کوردستان رێگەی سەربەخۆیمان پێ نادات).

٢/ هەستی خۆ بەکەمزانین: تیۆری ئەدلەر لەسەر ئەم بنەمایە بنیاد نرا ، ئەدلەر پێی وایە کاتێك تاك کەم و کورتیەکانی جەستەی خۆی لێدەبێت بە گرفت ، دەیەوێت دایبپۆشێت ، ئەدلەر پێی وایە تۆلستۆی بەهۆی روخساریەوە کە شوێنێکدا خۆی وەسفی ناشرینی خۆی دەکات پەلی بۆ رۆمان نوسین هاویشتووە ، ئەمە لە ئاستی تاك ، کاتێك بازنەکە لە تاکەوە بۆ سیاسەت کە گشتی یە فراوان دەبێت ئەدلەر نموونەی هیتلەر و ناپلیۆن دێنێتەوە، پێی وایە کورتەبالایی بۆتە هۆی توند و تیژی و دیکتاتۆریەت تا هەستی خۆ بەکەمزانین بیر ببەنەوە.

٣/ کاریگەری ژیانی منداڵی : هەندێك لێکۆڵەرەوەی سایکۆلۆچی پێیان وایە ژیانی منداڵی کارگەری زۆری لەسەر رژێمی سیاسی هەیە، واتە کێشەی تاکێك لەناو خێزانێکدا رەنگە گەشە بکات بۆ هەڵوێستەکانی لە ناو بازنەکانی سیاسەت و کۆمەڵگا و ئەو کاریگەریانەی رۆڵی سەرەکیان لە دارشتنەوەی بڕیاردا هەبێت .

٤/ تیرۆری غەریزەی مردن: لە روانگەی فرۆیدەوە هەموو مرۆڤێکی دوو جۆر غەریزەی هەیە ١/ئیرۆس – غەریزەی ژیان بە دوای لەزەتدا دەگەڕێت ، ٢/ ثاناتۆس – غەریزەی مردن بەدوای وێران کردنی خۆیدا دەگەڕێت ، لەبەر ئەوەی تاك دەگمەنە بتوانێت مردن بۆ خۆی هەڵبژێرێت ئەوا ناچار ئەو خواستەی خۆی بۆ خەڵکی تر ئەگوێزێتەوە ، واتە خەڵکی تر لەناو دەبات کە لە تاکەوە بۆ سیاسەتی گشتی رەنگ دەداتەوە .

٥/ قەرەبووکردنەوە : ئەو تاکانەی کە هەس بە شکست دەکەن ، هەستدەکەن لە لایەن خەڵکەوە بە چاوی سوك سەیر دەکرێن ، بۆیە خواستی تۆڵە لایان دروست دەبێت ، سیاسەت مەدارەکانی لە ئەنجامی شکستەکانیاندا دەیانەوێت وزەکانیان لە تۆڵەکردنەوە و هێرش کردنە سەر وڵاتانی دراوسێ یان کوشتنی بە کۆمەڵی هاوڵاتیانی خۆیان بەکاربهێنن.

٦/ گرێی ئۆدیب: فرۆید پێی وایە منداڵی کوڕ لە خێزاندا رقی لە باوکیەتی ، دەیەوێت جێی بگرێتەوە ، لە بازنەیەکی فراواندا واتە لە سیاسەتیشدا دەسەڵات بەو باوکە دەشوبهێندرێت کە دژایەتی بکرێت و لاببرێت ، بۆیە شۆڕش و راپەڕینەکان و جەنگە ناوخۆییەکان هەمووی بە دژایەتی باوکی دەسەڵاتدار لێك دەدرێتەوە.

٧/ دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە: براستیپینیکی سیاسی بەناوبانگ و دیسان لە تاکەوە بۆ سیاسەت ئاراستەی وەرگرتووە ، وا لێکدەدرێتەوە لە ژیانی رۆژانەدا ئەوانەی رقیان لە یەکێکە (هەرکەسێکی تر) رقی لەو کەسە بێت بە دۆستی خۆیانی دەزانن ، کە ئەمە لە ژیانی رۆژانەدا بە نەخۆشی سایکۆلۆژی دادەنرێت ، هەروەها بە پێچەوانەوە واتە ، (دۆستی دوژمنەکەم دوژمنمە) ئەمەش لە ژیانی رۆژانەدا نەخۆشیەکی سایکۆلۆژییە ، ئەوانەی رقیان لە کەسێك بێت (هەرکەسێکی تر) دۆستایەتیان بکات ئەوا ئەویش بە دوژمن دەزانن ، حەسەن جاف یەکێکە لەوانەی توشی ئەو نەخۆشیە بووە لەبەر ئەوەی رقی لە وەزیری رۆشنبیری بوو دەبێت رقی لە منیش بێت لەبەر ئەوەی هەڵوێستەکانیم بەرز نرخاندووە ، ئەم جۆرە کەسانە دەبێت چارەسەری خۆیان بکەن و سەر لە عەیادەی نەخۆشی نەفسی بدەن کارەبا لەسەریان بدەن ، نەك خۆیان بدزنەوە دان بە گرفتە دەروونیەکانیان نەنێن ، لە سیاسەتیشدا کە بازنەی تاکی تیادا فراوان دەبێت چەند نموونەیەك دەهێنینەوە ، یەکێتی سۆڤێت دژی ئینگلیزەکان بوو نازیەکانیش دژی ئینگلیزبوو ، سۆڤێت پێی وابوو ئیتر نازیەکان دۆستیانن و بوونە هاوپەیمانیان ، بەڵام ئەم هەڵوێستە زۆر کەوت لەسەریان و پاشان بە پەلە لەگەڵ ئینگلیز رووبەروو هێرشی نازیەکان بوونەوە کە وەك چۆن رقیان لە جولەکە بوو ئاواش رقیان لە سلاڤیەکان بوو ، کوردیش بەردەوام بەهەڵەدا دەچێت لە شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێدا پێی وابوو لەبەر ئەوەی ئێران دژی عیراقە کەواتە دۆستی کوردە تا لە تراژیدیای ئەنفال و جەزائیر و شکست خۆمان بینیەوە .

٨/ کەسایەتی ژێر دەستە : ئادورنووی زانای سایکۆلۆژی باسی ئەو کەسایەتییە پەراوێزیانە دەکات ، کە بۆچوونی خۆیان نییە و سەرمەستی بۆچوونی خەڵکی ترن و برگە بە برگە قبوڵی دەکەن و شوێن پێی تاکێك هەڵدەگرنەوە ، یان داب و نەریتەکان بە خەتی سور دەزانن و هەرگیز لێی لانادەن ، یان ژن، کاتێك مێرد بە پرۆژەیەك دەزانێت بۆ کۆیلە بوونی خۆی ، بە قسەی دیستۆ فسکی لە رۆمانی (هەرزەکار)دا ، یەکێك لە پاڵەوانەکان دەڵێ: (ژن بەردەوام بەدوای پیاوێکدا دەگەڕێت ، دواجار ببێتە کۆیلەی) بەڵام لە سیاسەتدا کە لەو بازنەیە فراوانترە کڕنووش بۆ دەسەڵاتێکی کارێزمی لە لایەن خەڵکەوە گرفتێکی سایکۆلۆژییە کە روحی مێگەل دەخوڵقێنێ و گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی روونادات ، ئەم جۆرە پێیان وایە جیهان بە یەقینی بۆ دوو گروپی لاواز و دەسەڵاتدار دابەش بوون ، بەردەوامیش خۆیان لە گروپی یەکەمدا دەبیننەوە.

٩/ تیۆری لاسول و نکلس و کەسایەتی دیموکراتی: پێچەوانەی کەسایەتی ژێردەستە ، ئەم کەسایەتیە بە گیانی دیموکراتی کاردەکات و حەزی لە هاوکاری ئەویترە ، بەشداری ژیان دەکات و پێی وایە ناکۆکی لە بیر بۆچوونی یەکێکی تر ئاساییە ، لە ژیانی سیاسیشدا کە بازنەیەکی فراوانترە ئەم جۆرە کەسایەتیانە بڕوایان بە جیاوازی بیر و را و قبوڵکردنی جیاوازیەکانە ، بەردەوام بەرەو کرانەوە و کۆمەڵگای کراوە هەنگاو دەهێنن و بەشداری چیانی دیموکراتی دەکەن.

١٠/ تیۆری ئایزنك: ئەم تیۆرە دوو جۆر کەسایەتی دەستنیشان دەکات . جۆرێك کەسایەتی توندڕەو لە ژیانی رۆژانەدا کە بە ئاسانی هاورێیەکی رەتدەکاتەوە ، پەیوەنید خۆی بە ئاسانی بەر بەرامبەرەوە دەپچڕێنێت ، جۆرێکی تر بڕوای بە دانیشتن و دیالۆگ هەیە بۆ چارەسازی ناکۆکیەکان و زیادکردنی خاڵە هاوبەشەکان و کەمکردنەوەی خاڵە ناکۆکەکان ، لە رووی سیاسیەوە کە بازنەکەی فراوانترە ، کەسایەتی سیاسی یان گروپ بڕوای بە رادیکاڵیەت هەیە و دەیەوێت لە رەگ و ریشەوە دەسەلات یان بونیادێکی سیاسی یان کەلتورێکی کۆمەڵایەتی لەناوبەرێت ، کەچی گوتارێکی تر هەیە بڕوای بە ریفۆرم و چاکسازی هەیە و داوای مانەوەی بارودۆخی ئاسایی دەکەن تا پرۆژەی موحافیزکاری پەیڕەو بکەن.

١١/ کەسایەتی گۆشەگیر هەیە لە کۆمەڵگادا و کەسایەتی کۆمەڵایەتیش هەیە ، یەکەمیان حەزیان لەدوور کەوتنەوەیە و چێژ لە تەنیایی وەردەگرن ، جیهانی ناوەوەیان بدەسەڵاتی بەسەر رەفتاریاندا گرتووە ، زیاتر دەبنە تەکنۆکرات یا مامۆستای زانکۆ ... هتد ، بەڵام کەسایەتی کۆمەڵایەتی حەزی لە دەورەوبەر و تێکەڵاوییە ، بەدوای هەواڵی نوێ و قسەی رۆژدا دەگەڕێت ، زیاتر پیشەی رۆژنامەنووسی یان پەرلەمانتر ... هتد هەڵدەبژێرن.

سەرچاوەکان :
١- أفكار في صراع ، م.بيرنز.
٢- مدخل الى علم السياسه ، وائل محمد اسماعيل.

# ئێوە ئەروەردەتان ویران کرد

نوسینی : جیاواز عەبدوڵا

(١)

ئێمە ئەوەندە ساویلکەو نەزان بووین وامانزانی هەرکاتێك ئازاد بین، یان حکومەتی بەعس نەمێنێ، ئەوا گۆڕینی ریشەیی لە کۆمەڵگەدا دێتە ئاراوەو پەروەردەو خوێندن دەکرێتە یەکەم دەستمایە، بۆ گۆڕینی کۆمەڵگەی کوردی.

ئێمە ئەوەندە نزیك بین و کەم ئەزموون بووین واماندەزانی کەئەوەی بەناوی پاساوی بارودۆخی سەختەوە تەئجیل دەکرا، ئەوا سبەینێ رێگەی چارەسەرکردنی بۆ تەخت دەکەن.

ئێمە ئەوەندە خۆشباوەڕو هەڵخەڵەتاوبووین وامانزانی قسەو لێدوانەکانی ئێوە لەبیرو باوەڕو ناخی دڵەوە لەدەم دێنە دەرەوە، نەك لەشوێنێکی ترەوە.

ئێمە ئەوەندە گەمژە بووین، ئەهاتین دروشم و قسە باق و بریقەدارەکانی ئێوەمان تاو و توێ ئەکردو تەنانەت خەونی رەنگاڵەیشمان پێوە ئەبینی.

ئێمە ئەوەندە بیر تەسك بووین، هەمیشە لەگەڵتاندا ئەژیاین و باوەڕمان بەو درۆیە دەکرد کە هەمیشە دوژمنتان دائەتاشی بۆمان بۆ ئەوەی ئێستا لەبیر بکەین.

ئێمە ئەوەندە کەر بووین وامانئەزانی لەشەڕی ناڕەوای ناوخۆی ئێوەدا لایەنی باشەو خراپە هەیەو سەرەنجام لایەنی باشە سەردەکەوێت بەسەر لایەنی شەڕەنگێزو خراپەو هەڵگیرسێنەری ئاگرو دروستکردنی دووبەرەکی.

دواجاریش ئێمە ئەوەندە لاڵ و کەڕ و بێدەنگین ئێوە چۆنتان بوێ ئاوەها لێدەخوڕن بۆمان.

(٢)

ئێوە بە جۆرێك پەروەردەتان وێران کردووە لەکوردستاندا، ئەگەر سوکرات و ئەفلاتوون و ئەرەستۆ زیندوو ببنەوە و چەندین فەیلەسوفی وڵاتانی پێشکەوتوو بهێنن بۆ کوردستان سەریان سوڕدەمێنێ لەو کەلاوەخانەیەی کە لێرە ناونراوە پەروەردە.

ئێوە بەشێوەیەك پەروەردەتان کاول کردووە و نەوەیەکی وەهای خستۆتەوە،جرت بۆ ئالآی کوردستان و بەها نیشتمانی و نەتەوەییەکان لێدەدات و بوونەتە کۆپی ئەو کەسانەی کەساڵەهای ساڵە بەناوی نیشتمان پەروەرییەوە درۆ لەگەڵ ئێمە دەکەن .

فەلسەفەی پەروەردەی ئێوە لەم وڵاتەدا ئینسانی درزو جەردەو بەدرەوشت و پیاو خراپ بەرهەم دێنێت.

فەلسەفەی پەروەردەی ئێوە مرۆڤی نامۆ بە خاك و نیشتمان و خۆپەرست و هەلپەرست دروستدەکات.

فەلسەفەی پەروەردەی ئێوە ئەوەندە سەخیف و بێبەهایە چەندین کەسی بێقیمەت و خوێری خۆی خزاندۆتە ناویەوە بۆ ئەوەی لە پلەو پایەو دەسەڵاتیدا سامانی میللەتێك بدۆشێ.

ئێوە دەساڵە بەناوی یەکگرتنەوەی ئیدارەوە هاتن یەکەم شت پەروەردەتان بۆ بەرژەوەندی خۆتان بەسەر منالی کوردا دابەش کرد و رۆڵەی ئەم میللەتان کرد بە تەپڵەك بۆ ئەوەی ناشرینەکانی خۆتان بئاخنە ناویەوە.

ئێوە هاتن سرروودە نیشتمانیەکانتان کردە سرودووی حیزبی، ئەو سروودانەی کەباسی شەڕوکوشتار دەکەن بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی حیزبی، نەك نیشتمان پەروەری.

ئێوە سامانی نیشتمانی تەنها بەگومرگ و دزیو دەوڵەمەندبوون و کانزاو نەوتی ژێر زەوی ئەناسن، ئێوە زۆر لەوە گەمژەترن کە بزانن سامانی نیشتمانی میللەتێك بۆ ئێستاو ئایندە بریتییە لە خوێندکارو گەنج و نەوەی نوێ ، ئێوە پرۆژەی گشتگیری پسپۆڕیتان نیە، تەنها کاتێك بە ئاگا دێنەوە کە نەوەیەك دەنگی بۆ نەداون، ئەو نەوەیەش نەوەی نوێیە.

(٣)

لێرەدا بە پێویستی دەزانین چەند خاڵێك لە کەم و کوڕیەکانی پەروەردە دەستنیشان بکەین:

١ـ نە مەنهەجێکتان دانا بۆ بەشەر بشێت، نەلەزەتێکی تێدایە کە خوێندکار لێی هەڵنەیەت.

٢ـ لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراقەوە لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە بەشێوەیەکی رەسمی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە رادەگەیەنرێت کە ئەوەی کێشە نەبێت پارەومادەیە، بۆچی بەو پارەیە کتێبی خوێندنگەکان چاپ ناکەن، بۆچی وەکو سواڵکەر چاوەڕێی ئەم و ئەو و وەزارەتی فاشیلی پەروەردەی عێراقی و دەوڵەتە کۆمەکبەخشەکان دەکەن.

٣. بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٥ـ ٢٠٠٦ لە هەرێمی کوردستاندا قرتاسیە نەدرا بە خوێندکاران، ئەمە ناو دەنێن چی؟

٤ـ سێ ساڵە عێراق ئازادبووەو بەعس نەماوە کەچی کێشەی بینای خوێندنگەکان هێشتا چارەسەر نەکراوە، هاوکات چەندین بینای بەرز بۆ بەرژەوەندی چەند کەسانێك دروستدەکرێن، کەچی شوێنی پێویست نیە کەمنالی کورد تێیدا بخوێنێت.

٥. مەسئول و کەس و کاری مەسئول و سەرمایەدارانی هەڵتۆقیوی دوای راپەڕین(شۆڕشگێڕانی دوێنێ) چ خەمێکیان هەیە، ئەوەتا خوێندنگەی نموونەیی هەیەو بەپارەیەو منالّ و کەس و کاری خۆیان ئەنێرن، یان ئەیاننێرن بۆ ئەورویا خوێندن تەواو بکات؟!

٦ـ خوێندنگە ناوەندی و ئامادەییەکان چ کچان چ کوڕان وانەکانی زمانی ئینگلیزیو بیرکاریو کیمیاو فیزیا و زیندەوەرزانی تیا دەستناکەوێت، ئایا پرسیار کراوەو لەوە کۆڵراوەتەوە کە خوێندکارانی زانکۆ کەلەم بەشانە دەردەچن نابن بەمامۆستا؟ ئایا لەسەردەمی ئێوەو لەسەردەستی ئێوەدا نەبوو کە بەرزترین و گەورەترین وشە پێش راپەڕین کە (مامۆستا ) بوو ئێستاکە بۆتە وشەیەکی بێنرخ و هاکەزایی لای خەڵك؟ نەك هەر لای خەڵك بەڵکو لای خودی وەزیری پەروەردەش لەکاتێکدا منالەکەی زانکۆ تەواو ئەکات لە باتی ئەوەی لە خوێندنگەکاندا سوود لە پسپۆڕییەکەی وەربگیرێت کەچی جەنابی وەزیر منالەکەی خۆی دەکاتە کاتیبە، ئەمە یەکەم داهێنانی وەزیری پەروەردەو وەزارەتی پەروەردەیە کە دەرچووی زانکۆی تێدا بکرێتە کاتیبە، دیارە ئەگەر مامۆستایەتی پیرۆزو بەنرخ و قەدری پیشەکەی بیگیرایەو بزانرایە منالەکەی خۆی نەئەکرد بە کاتیبە.

٧ـ زیاتر لە سێ ئەلفبێ لەناوچەکانی سلێمانیو کەرکوك و هەولێرو دهۆك ئەخوێنرێ، ئەمە چێشتی مجەوەرە یان دەستکەوتی دوای راپەڕین و کەوتنی بەعس .

٨ـ مامۆستایەك کە نەوەیەکی لە ئەستۆدایەو کاتێك لە زانکۆ دەرئەچێت موچەکەی نیو ئەوەندەی پۆلیسێکی نەخوێندەوار نیە، کاتێك کە دەنگی ناڕەزایی دەردەبڕی، پاساوی سیستمی موچەی سەرتاسەری عێراقی ئەخرێتە روو، وەك ئەوەی خەڵك گێل بێت و نەزانێت موچەی کارمەندێکی دەزگاکانی راگەیاندی حیزبی دەسەڵاتدار یان مەڵبەندو لقەکان چەند بێت، ئەی ئەمە لەکوێوە دێت؟

٩ـ هەرچی پێی بڵێی لێپرسراوی پەروەردەیی لەسەر ئەساسی پسپۆڕیو لێهاتوویو بڕینی پلەکانی ئیداری سەرناکەوێت، بەڵکو بە تەعین و لە رێی مەسئول یان مەکتەبی سیاسییەوە دائەنرێن، ئەمە وەك ئەوە وایە دەرسەکە باسی فیزیا بکات کەچی ئەو باسی سوودەکانی گامێش بکات.

١٠ـ بەڕێوەبەرێتیەك دانراوە بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری، ئەمە خۆی ئیعترافێکە بەو لێشاوە نەخوێندەوارەی کەلەدوای راپەڕینەوە لە پەروەردە هەڵکەنراون و ئێستا بیر دەکەنەوە بۆچی وازیان هێناوە، لەلایەکی تریشەوە ئیعتیرافە بەوەی کە ئێستا گرنگی نادرێ بە پەروەردەی سەردەم و منالی ئەمرۆ، ( کورد ئەڵێ تەواومان کرد ) تۆ گرنگی مەدە بەباوك، گرنگی بدە بەمنالەکەی کە هەڵئەتیزێنێت ئەبێت بە پۆلیس ، یان بەرەو هەندەران،یان ئەگەر کچ بێت چاوەڕێی شوو بکات.

١١ـ کارگوزارو پاسەوانی خوێندنگەکان بەپێی پێویست نین و تەعین ناکرێن، چونکە هەمیشە تەعینات وەستاوە، کەچی ئەگەر بتەوێ ببیت بە حمایە ئەوا لەچاو تروکانێکدا تەعین ئەبیت.

١٢ـ دڵسۆزی خاك و نیشتمان بە ، دڵسۆزی پەروەردەو پیشەکەی خۆت بە، کەس گو بەکلاوت ناپێوێت، کەچی دژی بەرژەوەندی بەرپرسێك جوڵایتەوە یان یاسات جێبەجێ نەکرد، یان رەخنەت دەربڕی، ئەوا وات لێدەکەن نەزانیت کێیت و کوڕی کێیت؟

١٣ـ باسی زەوی و خانوو هەر ناکرێ، بۆ مامۆستاو فەرمانبەری بچوك خاڵ هەیە، بەڵام بۆ مەسئول و سەرمایەدارو نەخوێندەوار و واسیتەچی و چی چی تر بە دۆنم هەیە.

١٤ـ بەداخەوە رێکخراوەکان بەیەکێتی مامۆستایانیشەوە فۆتۆکۆپی شێوازی سۆڤیەتی جاران و دنیای بەناو سۆشیالیستیو ئەرکیان ئەوەیە ستایش بکەن و بەرژەوەندی کورسی خۆیان بپارێزن، لە کاتێکدا پێویستە ئەو راستیە بزانن کە خەڵك لەسەرجەم بوارەکان و پەروەردە بەتایبەتی گۆڕینی ئەوێ، چونکە باجی گەندەڵیو کەمتەرخەمی دەسەڵات تەنها نەوەی نوێو خوێندکاران ئەبنە قوربانی.

١٥. مامۆستای وانەبێژ ( ئەوانەی کە زیاد لە حەصەی خۆیان وانە ئەڵێنەوە) یان ئەو دەرسانەی کە شاغین و مامۆستایان هەڵدەستن بە پڕکردنەوەی، تاوەکو بەعس مابوو دەیانووت پارەمان نیە بۆیە لەکاتی خۆیدا نادرێت، تاوەکو بەعس مابوو ئەیانووت ناتوانین ئەو پارەیەی کەدانراوە بۆ مامۆستای وانەبێژ زیاد بکەین، کەچی کە بەعس رووخا عەینەن تاس و عەینەن حەمام بوو.

١٦ـ رۆتینیات ، ئەو وشەیە پێناسەکەی لای وەزیرو جێگرەکەیو مودیر عامەکانە، ئەمە داهێنانی دوای راپەڕینە، بۆیە تەنها ئەوان دەتوانن شیکاری ئەم مەسەلەیە بکەن و پاساوەکان و هۆکارەکانی روونبکەنەوە.

١٧ـ کێشەی گواستنەوەی مامۆستایان لە لادێکانەوە بۆ شارەکان و یان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، بۆ ئەم جۆرە کێشانە یان ئەبێت واسیتەی گەورەت هەبێت، یان کەسی سێیەم ببێتە نێوەندێك بۆ بەرتیل و دەعوەت و شتی تر!